نووسینی: مستەفا غەنیم
لە عەرەبییەوە: باوکی بڕیار

# كۆلاره







1

چینییەکان، پێش سێ هەزار ساڵ، کولارەیان داهێنا، چونکە هەموو ئەو شتانەی بۆ دروستکردنی کولارە پێویستبوون، لە چین دەستدەکەوتن، وەک قامیشی بامبو بۆ دروستکردنی چوارچێوەکەی، ئاوریشم بۆ دروستکردنی کلکو پەڕەکانی. کولتووری چینیش پڕیەتی لە حیکایەت دەربارەی کولارەو بەکارهێنانی، تەنانەت لە کاتی جەنگدا.



**کاتێک بەدەستی خۆت کولارەیەک دروستدەکەیت، یان بەچاوی خۆت دەیبینی چۆن منداڵان چێژ لەوە وەردەگرن کە پەتەکەی بەدەستەوەدەگرن، کاتێک لە ئاسماندا بەرەنگە جوانەکانییەوە سەمادەکات، دەبێت ئەوەت لەبیربێت ئەو کولارەیە چیرۆکێکی دورودرێژی هەیە.**



**2**

لە چینەوە کولارە بڵاوبۆوە بۆ وڵاتەکانی دراوسێ، وەک کۆریاو یابانو هیندستانو دەوڵەتەکانی تری ئاسیا، هەتاکو کولارە بووە بەشێک لە کولتووری ئاسیایی.. لە دوورگەکانی ئۆقیانووسی ئارام، خەڵکی کولارەیان بەکارهێناوە بۆ ڕاوکردنی ماسیو وەرزشێک ناوبانگی دەرکردووە کە پێیدەڵێن زۆرانبازیی کولارەکان.

**3**

کاتێک گەشتیاری ئیتاڵی (مارکۆ پۆڵۆ) لە سەدەی شانزەهەمی زاییینیدا سەردانی چینی کرد، چەندین حیکایەتی لەبارەی کولارەوە لەگەڵ خۆی بردەوە بۆ ئەوروپا. نیگارکێشو دۆزەری ئیتاڵیش (لیوناردۆ دافنشی) ئەو کەسەیە کە زۆر بیری لە بەکارهێنانی کولارە کردۆتەوەو توانیی شێوازێک بۆ پەڕینەوە لەسەر ڕووبارەکان بە بەکارهێنانی کولارە دابهێنێو تاقیکردنەوەکانی لەسەر کولارە ئەنجامیدان، هانیاندا لە شەپۆلەکانی هەوا بکۆڵێتەوەو سەرەنجام پەرەشوت دابهێنێو چەندین وێنەی دەربارەی زۆر ئامێری فڕین جێهێشت.

**4**

لە سەردەمی نوێدا کولارە جەماوەرێکی زۆری بۆ خۆی پەیداکردووە، ئەوەبوو داهێنەری ئەمریکی (بنیامین فرانکلین) بەهۆیەوە چەندین تاقیکردنەوەی لەسەر گەردەلولە هەورەتریشقەییەکان ئەنجامدا، یەکەمین فڕۆکەی بنیاتنراو لەلایەن برایان (ڕایت)ەوە بە کولارەیەکی مەزن دەچوو کە بزوێنەری هەبوو.



**5**

ئیمڕۆ کولارە لە یارییەکانی وەرزشدا بەکاردەهێنرێت، وەک بەکارهێنانی بۆ ڕاکێشانی ئەوانەی لەسەر بەفر خلیسکێنەدەکەن، سەرچڵەکانیش لە دارستانە چڕەکاندا کولارە لەگەڵ خۆیان دەبەن، بۆ ئەوەی کاتێک ڕێگەیان ونکرد، کولارەکە هەڵدەدەن، بۆ ئەوەی ئەوانی تر بێن بەهانایانەوە. هەندێک کەس کامێرەی بچووک دەبەستن بە کولارەکانیانەوەو بەهۆیەوەو لە ڕێگەی کۆنترۆڵەوە وێنە لە ئاسمانەوە دەگرن.

**6**

لە زۆر وڵات کولارەی فرە قەبارەو شێوەو ڕەنگ دروستدەکرێن بۆ فرۆشتن، منداڵو گەورەکان چێژ لە هەڵدانو سەیرکردنیان وەردەگرن، کاتێک بەرزدەبنەوە بۆ ئاسمان یان لەگەڵ شنەبادا دێنە خوارەوە. بەوجۆرە ماسیو باڵندەو پەپولەو شێوەکانی تری کولارە لەئاسماندا بەدیدەکەن، بەڵام جوانترین جۆری کولارە ئەوەیە کە خۆت هەوڵدەدەیت دروستیبکەیتو هەڵیبدەیت.